# نەبەز گیان ئەم جەهەنمە جێبهێڵە
# (نامەیەك بۆ نەبەز گۆران)

هێمن مەحمود-دەربەندیخان
Hemnm1979@yahoo.com

هاورێی ئازیزم نەبەز..

ئەو نیوەرۆیەی هاورێکەم بەنامەیەك ئەوەی پێراگەیاندم کە شەو جەلادەکان (بەعس) ئاسا تۆیان بردووە و ئەشکەنجەیان داویت،لەناخەوە هەژام.

هەموو ئەو ئێوارانەم بیرکەوتەوە کە پێکەوە لەبەردەم کتێبفرۆشەکەی بەرامبەری قەڵادا دەوەستاین وباسی ئەدەب وسیاسەت ورۆژنامەی هاولاتیمان دەکرد.

ئەو لەحزەشتم بیرناچێ کە لەبەردەم چاخانەکەی (فەرەیدون) لەشارەکەی مندا وەستابویت و بەگەرمی گۆنای یەکتریمان ماچکرد.

نەبەز گیان...

تۆ زۆر درەنگ ئەشکەنجە درایت،من لەزۆر زووەوە لەوە دەترسام،لەوە دەترسام سەگەکانی لێپرسراوەکان،خزمەتکارەکانی مەسئولەکان،چەورەکانی ماڵی گەورەکان،نەك ئەشکەنجە بیشتکوژن.

ئاخر هاورێی ئازیز ئەوان هەر بەکوشتن فێرن،تۆ لەوەگەرێ ئێستا لەبەر هەندێ ئیعتیباراتی سیاسی و بەهۆی پاڵەپەستۆی ولاتە زلهێزەکانەوە دەست ناخەنە بیناقاقامان،تۆ لەوە گەرێ ئێستاش سنورەکان دابەشناکەن ولە زیندانەکانی ئاسایشدا لەسەر بتڵ دامان نانیشێنن.

من لەزۆر زووەوە لێت دەترسام ئەمانە تۆش وەك بێسەروشوێنەکانی شەری ناوخۆ بێ سەروشوێنکەن.

وەك دیلەکانی شەرِی ناوخۆ سەرت بەبلۆك پانکەنەوە وبەپەرەمێز داخت بکەن.

تۆ لەشوێنێکا،لەولاتێکا،لەمەملەکەتێکا قسەدەکەیت،کوشتن ،ئەشکەنجەدان ئاسانترین شتێکە کە مرۆڤی لەسەر سزانەدرێت.

تۆ قسە بەرپرس گەلێك دەلێیت کە بەقەدەر ژمارەی ئەندامانی بنەماڵەکەی ئێوە خانویان لە دوبەی هەیە وبەقەدەر تاڵەکانی قژیشت سەفتە دۆلار لەبانکەکانی ئەوروپادا.

تۆ کە بەسەرۆت وت سەرۆ ئیدی لێرەدا بوەستە ئەی باوکی(تەشهیر) وئەی دامەزرێنەری (سوکایەتیکردن) وئەی قائید فەیلەقی راگەیاندنی شەرِی ناوخۆ،هەمو کورد دەم خۆشیان لێکردی ،هەمو شەریفێکیش سلاوی بۆ ناردی.

تۆ هەقی ئەشکەنجە دانت نیە،ئەوانەهەقی سزادانیان هەیە کە کورەکانی ئەم خەڵکەیان بەناوی پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەتەوە لە سەنگەرەکانی شەرِی ناوخۆدا بەکوشت دا وئێستا ئەرەستۆیانە وەعز بۆ خەڵك دەدەن وئەوەش حاڵی حکومەتەکەیە میللەت قەشمەری پێدەکات.

تۆ کورێکی گەنجی هەست ناسکی شاعیر چیت بۆچی ئەشکەنجەبدرێیت،ئاخرتۆ نە باڵەخانەیەکت هەیە ونە سەری پێشمەرگەشت هێناوەتەوە ونە تێزی دکتۆراکەشت لەسەر سەرۆکی فەرماندەیە و نە کۆمپانیاشت هەیە.

نە شەوی سوری کۆشکەکانت هەیە و نەوەکو خوداش کەس ناتبینێت.

هاورێ گیان...

دڵتەنگ مەبە بۆ ئەوەی کە لێیان داویت، دڵنیابە لەم شارە دورەوە هەزاران کەس تۆ ونوسینەکانی تۆی خوشدەوێ.

دڵنیابە تەنها کاسە لێسەکان وماستاوچییەکانی خێڵ و بنەماڵە بەرێز وگەورەکان بەمەی تۆ دڵخۆشن.

بەلام هاورێی ئازیز..

ئەمجارە نەیانکوشتی ،ئەوانە هەر دەتکوژن گەر لێرە بمێنیتەوە،ئاخر برادەر دەبوایە ئەم روداوەی تۆ هەزاران کەسی بهێنایەتەوە سەر شەقامەکان وئەو ئازادییە درۆینەیان بەنەفرەتکردایە کە بەوەهم هەیە و زورناژەنەکانی وەك سەرۆ زورِنای بۆ دەژنن.

**هاوڕێی ئازیز ئێره جێبهێڵەوه و ڕۆحت مەده دەست ئەو پیاوکوژانه،ئەوانه لەزۆر زوەوه به کوشتن فێرن وکەسێکیان سزانەدراوه..**

**نەبەز گیان تکات لێدەکەم چاکبویتەوه ئەم جەهەنەمه بەنەفرەتکه وبڕۆ...**

**ئەم وڵاته جێبهێڵه بۆ ئەوان با بەڵکو ڕۆژێك (سەگ)ەکانیان لێیان ڕاپەڕێ وتەفروتونایان کات.**